

نین، بەڵام گوێم بەهیچ لەو نوسراوانە نەداوە، تەنیا لەپێناو بەرژەوەندی ناحییەکەدا کاردەکەم تەنانەت ڕێگەنادەم چایچیەك بەبێئاگاداری ئیدارەی ناحییەکە لە کۆمپانیایی داناگاز دابمەزرێت، من هیچ بەرژەوەندییەکەم نییە لەناوچەکەدا تەنیا لەهەوڵی خزمەتکردندام بەناوچەکە هەموو هەوڵێکم بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و خزمەتکردنی هاووڵاتیانە، بەڵام ئەو خزمەتکردنە تەنیا بەمن ناکرێت پێویستە تەواوی هاووڵاتیانی ناوچەکە هاوکارم بن.

بەڕێوەبەری ناحیەکە ئەوەدەخاتەڕوو کە فشاری زۆری خستۆتە سەر ئەو کۆمپانیانە بۆئەوەی بەدەر لەو ٢٠٠ملیۆن دۆلارەی کە خەرجی دەکەن پرۆژەیان بۆئەنجامبدەن، وتیشی: لەسنورەکەماندا گرنگترین پرۆژەش کە ئێمە داوای دەکەین دروستکردنی کۆلێژێکە بۆئەوەی ناوچەکەمان زیاتر ببوژێتەوە.

سەعید ئەحمەد سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ئەوە ڕووندەکاتەوە کەئێستا لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەك دروستکراوە بۆ خەرجکردنی ئەو پارەیە و وتیشی: لەخەرجکردنیشدا ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەکەین، بەپێی ژمارەی دانیشتوان پرۆژە ئەنجامدەدرێت و بەشێکی زۆری ئەو پارەیەش لەبواری ئاو و ئاودێریدا خەرجدەکەین.

ڕوونیکردەوە بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانەوە ئەولەویەت نادرێت بەناوچەی قادرکەرەم بەشێکی کەم لەوبودجەیە بۆ قادرکەرەم خەرجدەکرێت، وتیشی: لەهەمانکاتدا چەندین پرۆژەیان بۆ ئەنجامدەدەن لەبواری ڕێگاوبان و ئاودێریدا.

ئەوەی خستەڕوو کە ڕاستە قادرکەرەم لەسەر دەستی ڕژێمی لەناوچوو وێرانکراوە و دواتریش خرایە سەر چەمچەماڵ بەڵام ئەمە ئەوە هەروەك وتی، تەواوی ئەو پارەیە بۆ ئەو سنورە خەرجبکرێت و ناحیەکانی دیکە وەلابنرێت، وتیشی: پێویستە ئێمە بەشێوەیەك ئەو پارەیە خەرجبکەین تەنانەت گوندەکانیش سودمەندبن، هەر لەو ٢٠٠ملیۆن دۆلارە چەندین پرۆژەی گرنگمان خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەوانە چاککردنەوەی ڕێگای قادرکەرەم کە گوندەکان و قەزای چەمچەماڵو سنوری گەرمیان بەیەکتر دەبەستێتەوە.

سەعید ئەحمەد ئەوەشی ئاشکراکرد حکومەتی هەرێم بەدەر لەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە بۆ ئەمساڵ وەك ساڵانی دیکە بودجە بۆ گەرمیان خەرجدەکەن و بڕیاریشە هەمان کۆمپانیا پارەی دیکە بۆسنورەکە خەرجبکات و سەرۆکی حکومەتیش بەڵێنی ئەوەی پێداین ئەو پارەیەش هەر بۆ گەرمیان بێت.

بەپێ ئەو زانیارانەی دەست بەڵگە کەوتوون خانووی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش لەسەر هەمان ئەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە دروستدەکرێت، بۆیە سەعید ئەحمەد سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان وتی: هەموو ئەو خانوانەی کەلەمساڵدا لەگەرمیاندا دروستدەکرێت لەسەر ئەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەیە، ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ کورتهێنانی بودجەی عێراق و کوردستان و وتیشی گرنگ نییە لەسەر چ پارەیەك خانوو دروستدەکرێت، گرنگ ئەوەیە خزمەتی هەرچی زیاتر بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکەین گەر پارەی دیکەیش خەرجبکرێت بۆ گەرمیان، بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان خانووی پێ دروست دەکەین.

**حکومەتی هەرێم بەدەر لەم ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە بۆ ئەمساڵ وەک ساڵانی پێشوو بودجە بۆ گەرمیان تەرخان دەکات**